# The effectiveness of a learning-learning program based on intelligent learning in obtaining geographical knowledge The school is the eighth grade

Solav Feaq Mohammed Ali[1], Abdulla Karim Amin[2], Mryam Mhamad Rostam[3]
[1] Department of kindergarten, Collage of Basic Education, Sulemany Univeristy, [2 3] Department of Social Sciences, Collage of Basic Education, Sulemany Univeristy

*DOI: https://doi.org/10.31918/twejer.2471.31*
*Published: 21/07/2024*

## Abstract

The main purpose of this research is to know "the effect of a learning-learning program on the basics of active learning on the principle of active learning by obtaining geographical subjects Eighth-grade students " the method used in the type of experience method used the research needs that find themselves in the two programs between a program special to teachers, two of them A program for students, which includes many general concepts such as scientific subjects, teaching plans, objectives, weapons, teaching strategies, educational environments. Also, the research tool which is preparing to test by obtaining the geographical subject slugs that will be opened in 51 questions prepared and based on (51) behavioral goals Which is prepared in a way that especially the command of each one is (the definition of the hand, the distinction of the hand, the implementation of the knife) for each hand, then the honesty of the tool It was found and was returned to experts and finding stability in the form of retesting that was given to 200 students out of the research sample after The conclusion of the results was appropriately set for research by 87%.

The researcher of the research group determined that their number was generally (18699) on the two directorates of east and west "in the center of Sulaymaniyah governorate is an example The research taken from it in a simple form of Qura type in Shadi Basic School in western education directorate, which is assigned to two groups There is a difference between the experience group, which has a total number of 30 male and female students, and the centralized group and the number of 29 male students. After making sure of the reality and stability of the tool, the study was implemented. The research for both experience groups and the control group that the experience group has studied through both educational-learning programs and the conventional group in the normal way, for the year Studying (2022-2023) in terms of coordinating the research samples that individually in the fact that both groups equal.

After the end of the research experience that " the study The co-ordination of the statistics used, such as person square work co-ordination, accounting center, deviation of the T.test, Program of (SPSS), between the tests of both The research group is considering the application of a learning-learning program in the interest of the experience group using the program.

The recommendations of the research are using a learning-learning program in the form of active learning in obtaining geographical materials by the students of the eighth grade Using a program prepared in the center of study for teachers of geography subjects and supporting the ministry of education to implement the program and opening training courses for teachers.

***Keywords:*** *a learning-learning program, active learning, geography.*

# کاریگەریی پرۆگرامێکی فێرکاری-فێربوون لەسەر بنەمای فێربوونی چالاک لە بەدەستهێنانی چەمکەکانی بابەتی جوگرافیا لای قوتابییانی پۆلی هەشتەمی بنەڕەتی

پ. د. سۆلاڤ فایق محمد علی[1]
پ. د. ی. عبدالله كريم أمين[2]
م. ی. مريم محمد ڕوستم[3]
1-پرۆفیسۆر/ بەشی باخچەی منداڵان/کۆلێجی پەروەردەی بنەڕەتی/زانکۆی سلێمانی
Solav.ali@univsul.edu.iq
2-پرۆفیسۆی یاریدەدەر/بەشی زانستە کۆمەڵایەتییەکان/ کۆلێجی پەروەردەی بنەرەتی/زانکۆی سلێمانی/سلێمانی/کوردستان.
3-خوێندکاری دکتۆرا/بەشی زانستە کۆمەڵایەتییەکان/کۆلێجی پەروەردەی بنەرەتی/زانکۆی سلێمانی/سلێمانی/کوردستان.
mryam.rostam@univsul.edu.iq

## پوختە

ئامانجی سەرەکیی ئەم توێژینەوەیە بریتییە لە زانینی "کاریگەریی پرۆگرامێکی فێرکاری-فێربوون لە سەر بنەمای فێربوونی چالاک لە بەدەستهێنانی چەمکەکانی بابەتی جوگرافیا لای قوتابییانی پۆلی هەشتەمی بنەڕەتی". ڕێبازی بەکارهاتووی لە جۆری ئەزموونییە، پێداویستییەکانی توێژینەوەکە خۆی دەبینێتەوە لە دوو پرۆگرام یەکەمیان پرۆگرامێکی تایبەت بە مامۆستا و، دووەمیان پرۆگرامێکیان تایبەت بە قوتابییان، کە لە چەندین قۆناغ وەک (قۆناغەکانی پلاندانان، جێبەجێکردن، هەڵسەنگاندن)ە، هەروەها ئامرازی توێژینەوەکە بریتییە لە ئامادەکردنی تاقیکردنەوەی بەدەستهێنانی چەمکەکانی جوگرافیا کە خۆی دەبنێتەوە لە (51) پرسیاری ئامادەکراو بەپێی تایبەتمەندیی هەر چەمکێک بریتییە لە (پێناسەی چەمک، جیاکاریی چەمک، جێبەجێکردنی چەمک) بۆ هەر چەمکێک، پاشان ڕاستگۆیی ئامرازەکە دۆزرایەوە و بە پشتبەست بە شارەزایان دۆزینەوەی جێگیری بۆ دەرهێنراوە لە شێوەی دووبارە تاقیکردنەوە، کە بەسەر (200) قوتابی ئەنجامدراوە بەدەر لە نموونەی توێژینەوەکە، بەکارهێنانی هاوکێشەی (پێرسۆن) بە ڕێژەی ((87%)یە، بە گونجاو دانراوە بۆ توێژینەوە.

توێژەر کۆمەڵگەی توێژینەوەکەی دیاریکرد، کە ژمارەیان بە گشتی (18699) قوتابییە، کە دابەشکراوە بەسەر دوو بەڕێوبەرایەتیی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا، لە ناوەندی پارێزگای سلێمانی. نموونەی توێژینەوەکەی لێوەرگیراوە بە شێوەی مەبەست لە خوێندنگەی شادی بنەڕەتی لە پەروەردەی ڕۆژئاوا، کە دابەشکراون بۆ دوو گرووپی جیاواز و هەڵبژاردنی گرووپەکان بە شێوەی هەڕەمەکیی سادە لە جۆری (قورع)ە، یەکەمیان گرووپی ئەزموونی کەژمارەیان بە گشتی (30) قوتابی ڕەگەزی نێر و مێیە, و گرووپی کۆنترۆڵکراو ژمارەیان

(29) قوتابی ڕەگەزی نێر و مێیە. هەروەها هاوتایی بۆ گرووپەکان دۆزرایەوە بە وەرگرتنی هەریەک لە گۆڕاوەکانی (تەمەن، پیشەی دایک و باوک، بڕوانامەی دایک و باوک، زیرەکی، تاقیکردنەوەی زانیاریی پۆلی(7). سەرجەم گرووپەکان هاوتان، لەپاش دڵنیابوون لە ڕاستی و جێگیریی ئامرازەکە توێژەر دەستیکرد بە جێبەجێکردنی توێژینەوەکەی بۆ هەردوو گرووپەکە، بۆ ساڵی خوێندنی(2022-2023)، دوای کۆتاییهاتنی ئەزموونی توێژینەوەکە هاوکێشەی ئاماری بەکارهێنراوە، وەک هاوکێشەی پێرسۆن مربعکای، (کای دووجا) ناوەندی ژمێرەیی، لادانی پێوەری (t.T est)، بەنامەی (Spss)دا، لە نێوان تاقیکردنەوەی هەردوو گرووپی توێژینەوەکە و دەرئەنجامی توێژینەوەکە زانینی کاریگەریی پڕۆگرامێکی فێرکاریی-فێربوون لە بەرژەوەندیی گرووپی ئەزموونی لە بەکارهێنانی پڕۆگرامەکەدا.

ڕاسپاردەکانی توێژینەوەکە "کردنەوەی خولی ڕاهێنان بۆ مامۆستایان و ئاشنابوونیان بە شێوازی فێربوونی چالاک لەکاتی وانەوتنەوە، بەکارهێنانی پڕۆگرامێکی فێرکاری-فێربوون لە ناوەندەکانی خوێندن بۆ قۆناغی بنەڕەتیی پۆلی حەوت.

وشە کلیلییەکان: پڕۆگرامێکی فێرکاریی-فێربوون, فێربوونی چالاک، چەمکەکانی جوگرافیا.

## کاریگەریی پڕۆگرامێکی فێرکاری-فێربوون لەسەر بنەمای فێربوونی چالاک لە بەدەستهێنانی چەمکەکانی بابەتی جوگرافیا لای قوتابیانی پۆلی هەشتەمی بنەڕەتی

### بەشی یەکەم:

### 1-1پێشەکیی توێژینەوەکە:

ڕێگەی وانەوتنەوە یەکێکە لە ئامرازە کاریگەر و گرنگەکان لە پرۆسەی پەروەردەدا، چونکە ڕۆڵی سەرەکی دەبینێت لە ڕێکخستنی وانەکە و مامەڵەکردن لەگەڵ بابەتە فێرکارییەکاندا بەو پێیەی ڕێگەی وانەوتنەوە ناتوانێت ئامانجی پەروەردەی گشتی و تایبەتی بەدەستبهێنرێت "پێوانەکردنی ڕاستەوخۆ و کارلێکی مامۆستا و قوتابییاندا کە زۆرترین پەیوەندی بە بابەتەکەوە ڕێکخستنی هەیە، بەرنامە و پرۆگرامە فێرکارییەکان دەگەیەنێت. (جری، 2018: 117) بەوپێیەی کە پڕۆگرامی فێرکاریی-فێربوون یەکێکە لە ڕەگەزە سەرەکییەکانی پرۆسەی پەروەردە، کە دەبێت بەردەوام نوێبکرێتەوە و پەرەپێبدرێت بۆئەوەی لەلایەکەوە یارمەتیی چۆنێتیی فێربوون بدات. لەلایەکی دیکەوە، پێداویستییەکانی کۆمەڵگە چارەسەربکات، پڕۆگرامی فێرکاری لە هەموو قۆناغەکانی پەروەردە و دۆخی کۆمەڵگادا و ڕادەی پێشکەوتنە زانستییەکان لە ئاستی سەردەمەکان و سەدەی بیست و یەکدا ڕەنگیداوەتەوە، کۆی شارەزایانی پەروەردەی بە دڵنیاییەوە گرنگی بە پڕۆگرامی فێرکاری-فێربوون دەدەن. (الناقش2003: 16) فێربوونی چالاک

تەوەرەی سەرەکیی پرۆسەی فێرکردنە لەسەر شێوازی وانەوتنەوەی کارا لە نێوان مامۆستا و قوتابی، گرنگیی چەمکەکانی جوگرافیا پشت بە بەشداریی قوتابییان دەبەستێت کە هانیاندەدات چالاک بن (أحمد، 2012 :60).

## 1-2 کێشەی توێژینەوەکە:

چەمکەکان توخمێکی گرنگن لە ناوەڕۆکی پرۆگرامی خوێندن لە قوتابخانەکان بۆیە ژمارەیەک لە پەروەردەکاران جەختیان لەسەر فێرکردن لەگەڵ گشتگیرکردنی بابەتە زانستییەکە کردۆتەوە. لەبەر ڕۆشنایی ئەم گۆڕانکارییانە لە زانیاریی و چەمکەکان زۆربەی چەمکەکانی جوگرافیا پەیوەستن بە شتە هەستپێنەکراوەکانەوە، بۆیە زۆربەی قوتابییان چەمکەکان بەبێ تێگەیشتن بەکاردەهێنن (محمود، 42:2002). لەنێو دیارترین ئەو بەربەستانەش کە ڕێگرن لە بەدەستهێنانی چەمکەکان کەڵەکەبوونی پرۆگرامی خوێندن بە شێوەیەکی بەرچاو دەبێتە هۆی شێواندنی ئاستی تێگەیشتنی قوتابییان بۆ بابەتەکە لەو چەمکانەوە دروستبوونی گرفت لە نێوان چەمکە نوێیەکان و چەمکەکانی ڕبردوو، پەیڕەوکردنی شێوازی کۆن لە وەرگرتنی چەمکەکادا (محمود، 18:2004)، توێژەر وەک مامۆستا لە بواری ڕێگەکانی وانەوتنەوە هەستی بە ئاستی لاوازیی قوتابییان کردووە لە گەشەپێدانی بیرکردنەوەی داهێنەرانە لای قوتابییان لە ئەنجامی گەڕان و خوێندنەوەی بۆ توێژینەوەکانی پێشوو کە لە ئاستێکی لاواز دان وەک توێژینەوەی (روستم، 2016)، و کۆنگرەی پەروەردەیی (2007) لە هەرێمی کوردستان هەست بە لاوازیی ئاستی مامۆستایان لە برگەی (2) کراوە، ئاماژەکردن بە ئامادەکردنی مامۆستای بەتوانا و کارامەیی بایەخدان بە کردنەوەی خولی ڕاهێنان (وەزارەتی پەروەرد، 78:2001) بۆیە توێژەر لە ئەنجامی نەبوونی پرۆگرامێکی فێرکاری-فێربوون تایبەت لەسەر بنەمای فێربوونی چالاک بە بەدەستهێنانی چەمکەکانی بابەتی جوگرافیا بۆ پۆلی هەشتەمی بنەڕەتی پێشنیاری ئەم پرسیارەی کرد ئایا کاریگەریی پرۆگرامێکی فێرکاری-فێربوون لەسەر بنەمای فێربوونی چالاک لە بەدەستهێنانی چەمکەکانی بابەتی جوگرافیا لای قوتابییانی پۆلی هەشتەمی بنەڕەتی لە چ ئاستێکدایە؟

**1-3 ئامانجی توێژینەوەکە:** ئامانجی توێژینەوەکە بەم شێوەی خوارەوە دەردەکەوێت:

"زانینی کاریگەریی پرۆگرامێکی فێرکاری-فێربوون لەسەر بنەمای فێربوونی چالاک لە بەدەستهێنانی چەمکەکانی بابەتی جوگرافیا لای قوتابییانی پۆلی هەشتەمی بنەڕەتی"

## 1-4 گریمانەکانی توێژینەوەکە:

1- جیاوازیی بەڵگەی ئاماری نییە لەسەر ئاستی بەڵگەداری (0.05) لە ناوەندی ژمێرەیی نمرەکانی تاقیکردنەوەی پێشەکی و پاشەکیی گرووپی ئەزموونی لە بەدەستهێنانی چەمکەکانی بابەتی جوگرافیا لای قوتابییانی پۆلی هەشتەمی بنەڕەتی.

2- جیاوازیی بەڵگەی ئاماری نییە لەسەر ئاستی بەڵگەداری (0.05) لە ناوەندی ژمێرەیی نمرەکانی تاقیکردنەوەی پاشەکیی گرووپی ئەزموونی، کە بە ڕێگەی پرۆگرمێکی فێرکاریی-فێربوون پشتبەست بە بنەمای فێربوونی چالاک خوێندوویانە، بە بەراورد بە ناوەندی ژمێرەیی

نمرەکانی تاقیکردنەوەی پاشەکیی گرووپی کۆنترۆڵکراو کە بە شێوەیی ئاسایی خوێندوویانە لە بەدەستهێنانی چەمکەکانی بابەتی جوگرافیا لای قوتابییانی پۆلی هەشتەمی بنەڕەتی.

**1-5 گرنگیی توێژینەوەکە:** گرنگیی ئەم توێژینەوەیە لەم خاڵانەی خوارەوەدا دەردەکەوێت:

1- دەبێتە بەرچاوڕوونییەک بۆ وەزارەتی پەروەردە و لایەنە پەیوەندیدارەکان لە ڕێگەی دوو پرۆگرامی تایبەت بە مامۆستا و قوتابییانەوە.

2- دەکرێت ببێتە سەرچاوەیەکی بەسوود بۆ دەوڵەمەندکردنی پەرتووکخانەکان کە بە زمانی کوردی.

3-سوودی دەبێت بۆ مامۆستایان و قوتابییانی پۆلی هەشتەم کە دوو پرۆگرامی ئامادەکراوە.

## 1-6 سنووری توێژینەوەکە:

1- مرۆیی: قوتابییانی پۆلی هەشتەمی بنەڕەتی لە ناوەندی خوێندنگەی (شاد)ی بنەڕەتی لە بەڕێوبەرایەتیی ڕۆژئاوا.

2- کات: ساڵی خوێندنی (2022-2023)

3- شوێن: شوێنی جوگرافی خوێندنگەی (شاد)ی بنەڕەتی لە بەڕێوبەرایەتیی ڕۆژئاوا لە ناوەندی پارێزگای سلێمانی.

4- بابەت: کتێبی بابەتە کۆمەڵایەتییەکانی پۆلی هەشتەمی بنەڕەتی، بەشی جوگرافیا.

## 1-7 پێناسەی زاراوەکانی توێژینەوەکە:

1-7-1: پرۆگرامێکی فێرکاریی-فێربوون: (مازن، 2010)پێناسەی دەکات بەوەی؛ بریتییە لە کۆمەڵێک بابەتی فێرکاریی-فێربوون کە ئامادەکراوە بە پشتبەستن بە ستراتیژییەکانی فێربوون لەبارەی شیکردنەوەی یەکەی فێرکاریی وەڵامدانەوەی قوتابییان بۆ بابەتەکە لەبەر ئەمەش، کاردانەوەی هەیە بەرانبەر قوتابییان و بەکارهێنانی پاداشت لەپێناو بەدیهێنانی ئامانجە پەروەردەییەکان. (مازن، 45:2010)

پێناسەی ڕێکاری پرۆگرامێکی فێرکاریی-فێربوون: بریتییە لە کۆمەڵێک بابەتی ئامادەکراوی زانستی بە پشتبەستن بە ستراتیژییەکانی فێربوونی چالاک کە پێکهاتووە لە سێ قۆناغ (پلاندانان، جێبەجێکردن، هەڵسەنگاندن) لەخۆدەگرێت، وەک جێگرەوەیەکی کتێبی بابەتە کۆمەڵایەنییەکانی پۆلی هەشتەمی بنەڕەتی.

1-7-2: فێربوونی چالاک: (المعلیمی، 2012)وای دەبینێت کە کۆمەڵە هەنگاوێکی ڕێکاریی ڕێکوپێکی بەدوایەکدا هاتووە، مامۆستا لەناو پۆلدا ئەنجامیدەدات بۆئەوەی نەرم و گشتگیر بن بە ڕەچاوکردنی سروشتی قوتابییان کە گوزارشت لە بارودۆخی ڕاستەقینەی ڕووداوەکانی ناوپۆل دەکات، بە ئامانجی بەدیهێنانیان. (المعلیمی,2012: 40)

پێناسەی ڕێکاری: لە ڕووی ڕێکارییەوە توێژەر پێناسەی دەکات بەوەی؛ بریتییە لە کۆمەڵێک ستراتیژیی جۆراوجۆر بۆ وانەوتنەوەی بابەتی جوگرافیا لەلایەن مامۆستاوە بەپێی گونجاندنی لەگەڵ ناوەڕۆک و ئامانجەکاندا بۆ بەدەستهێنانی چەمکەکانی جوگرافیا.

1-7-3-چەمکەکانی جوگرافیا: پێناسەی (الحصری، 2006) دەڵێت: بریتییە لە وشەیەک یان هێمایەک بە شێوەی ئەبستراکت لە کۆمەڵێک چەمکی دیاردەی جوگرافیادا تایبەتمەندیی هاوبەشیان هەیە. (الحصری، 13:2006)

پێناسەی ڕێکاری: بریتییە لە وشەیەک یان زیاتر کە سیفەتی هاوبەشیان هەیە کە پێکهاتووە لە سێ تایبەتمەندی وەک (پێناسە، جیاکاری، جێبەجێکردن) بۆ هەر چەمکێک دەتوانرێت پێوانەبکرێت.

## بەشی دووەم:

## 2-1 چوارچێوەی تیۆری

2-1-1 **فێربوونی چالاک**: چالاکی و ستراتیژییە جۆراوجۆرەکانە کە لەکاتی وانەوتنەوەدا بەکاردێن.

2-1-1-1ڕۆڵی مامۆستا لە فێربوونی چالاک: مامۆستا ڕۆڵی گرنگی هەیە لە چالاکییە جیاوازەکاندا وەک.

1- ڕەچاوکردنی بەهاکان، ئاڕاستەکان، ئارەزووەکان، گرنگیدان بە قوتابییان.

2- یارمەتیدانی قوتابییان لە دۆزینەوەی چەمکەکان و بەکارهێنانیان لەکاتی وانەوتنەوەدا.

3- ڕەچاوکردنی جیاوازیی تاکایەتی و پێشکەشکردنی چالاکیی جۆراوجۆر (القرش وعبدالرحمن، 2010، 7)

2-1-2 ڕۆڵی قوتابییان لە فێربوونی چالاکدا: فێربوونی قوتابییان ڕۆڵی دیاریان هەیە لە وانەوتنەوەدا.

1-گەڕان بەدوای سەرچاوەی زانیاری و گەیاندنیان بە زانیاریی کاریگەر و ویستراو.

2- لە ڕێگەی گەڕانەوە بیرکردنەوەیان زیاتر دەبێت و پەرەپێیدەدات.

3- بەشداریکردنی قوتابییان لە وانەکەدا و لە ژینگەی فێرکردندا. (الصافی، 2009: 78)

2-1-2 چەمکەکانی جوگرافیا:

**2-1-2-1 چەمکەکانی جوگرافیا:** یەکێکە لە پێکهاتەی سەرەکیی زانیاریی پرۆگرام زیاد دەکەن و بەشداریدەکەن لە ڕێکخستنی دیاردە جوگرافیاکان، تێگەیشتن لە بنەمای زانست تاڕادەیەکی زۆر پشت بە چەمکەکان دەبەستێت. (عبدالسلام، 2005: 18)

2-1-2-2 گرنگیی چەمکەکانی جوگرافیا: لەم چەند خاڵەی خوارەوەدا خراونەتەڕوو:

1- بەشداریدەکات لە دروستکردنی پرۆگرامدا لە قۆناغە یەک لەدوای یەکەکاندا بناغەی زانیارییەکانە.

2- ئامراز و کلیلی بیرکردنەوە بەهۆی دیاردە سروشتی و مرۆییەکانی بابەتەکەوە.

3- گەیشتنە بە ئامانجە ویژدانی و ڕەفتارییەکانی هەر وانەیەک لە بابەتەکەدا.

4-سوودوەرگرتنی قوتابییان لە ژینگەی دەرەوە و بەستنەوەی بە وانەکەوە. (سهور، 2011: 9)

## 2-2 توێژینەوەکانی پێشوو: بەو شێوەی کە لە خشتەی ژمارە (2-1) داهاتووە

**بەو شێوەیەی کە لە خشتەی ژمارە (2-1) داخراوەتەڕوو**

| ژ | ناوی باپیر | سال شوێن | کۆمەڵگە نموونە | ئامرازی توێژینەوە | ئەنجام |
|---|---|---|---|---|---|
| ناونیشان: کاریگەریی بەکارهێنانی بوردی زیرەک لە وانەوتنەوەی جوگرافیا لەسەر گەشەکردنی چەمکەکانی جوگرافیا و لێهاتووی بەکارهێنانی نەخشە لای قوتابییانی پۆلی نۆ. | | | | | |
| ١ | أبوحمادە سها یحی | ٢٠١٣ پارێزگا غەزە | (٦٣) رەگەزی نێرو مێ | ئامادەکردنی چەمکەکانی جوگرافیا و لێهاتوویی نەخشە | بوونی جیاوازیی بەڵگەی ئاماری لە نێوان ناوەندی نمرەی گرووپی ئەزموونی و گرووپی کۆنترۆلکراو بۆ پێوانەی تاقیکردنەوەی پێشەکی لە چەمکەکانی جوگرافیا لەبەرژەوەندی گرووپی ئەزموونی. لە بەکارهێنانی نەخشەدا. |
| پرۆگرامێک لەسەر بنەمای گەشەکردنی واقعی گەشەپێدانی چەمکە جوگرافییەکان لای قوتابییانی پۆلی یەکەمی ئامادەیی لە بابەتی جوگرافیادا. | | | | | |
| ٢ | ابراهیم، علی محمد | ٢٠١٣ پارێزگای الدقهلیة | ٦٠ قوتابی نێرومێ | پرۆگرام. تاقیکردنەوەی چەمکەکانی جوگرافیا | بوونی جیاوازی بەڵگەی ئاماری لە نێوان ناوەندی ژمێرەیی لە تاقیکردنەوەی پێشەکی و پاشەکی لای قوتابییانی گرووپی ئەزموونی لە بەرژەوەندیی تاقیکردنەوەی پاشەکیدایە. |
| ٣ | کاریگەریی پرۆگرامێکی فێرکاری لەسەر بنەمای تیۆری بونیادی لە بەدەستهێنانی چەمەکەکانی جوگرافیا لای قوتابییانی پۆلی حەوتەمی بنەڕەتی لە ئەردەن. | | | | |
| | النجادات محمد حسین | ٢٠١٩ الاردن | نموونە ٦٠ قوتابی | پرۆگرامی فێرکاری، تاقیکردنەوەی چەمکەکان | بوونی جیاوازی ئاماری لە نێوان دوو گرووپەکە لە پرۆگرامێکی فێرکاری لە بەدەستهێنانی چەمکەکان لە بەرژەوەندی گرووپی ئەزموونی. |

## 2-2 سوودبینین لە توێژینەوەکانی پێشوو:

توێژەر لە میانەی گەڕان بەدوای توێژینەوەکانی پێشوو، چەندین سوودی وەرگرتووە

1- بۆ دارشتنی پێشەکی و کێشەی توێژینەوەکە بە شێوەیەکی لۆجیکی.


2-بە مەبەستی دۆزینەوەی ڕاستێتی و جێگیری ئامرازەکە.

3-شێوازی بەکارهێنانی ئامرازە ئامارییەکان.

## بەشی سێیەم: ڕێکارەکانی توێژینەوەکە:

### 3- 1 بنیادنانی پرۆگرامێکی فێرکاریی-فێربوون:

دروستکردن و بنیادنانی پرۆگرامێکی فێرکاریی-فێربوون پێکهاتووە لە سێ قۆناغی جیاواز وەک (پلاندانان، جێبەجێکردن، هەڵسەنگاندن) بەو شێوەیەی کە لە هێڵکاریی (3-1)دا خراوەتەڕوو:




هێڵکاری ژمارە (٣ ١)هەنگاوەکانی ئامادەکردنی پرۆگرامێکی فێرکاری فێربوون

0 (ئامادەکردنی توێژەر)

### 3-1-1قۆناغی یەکەم؛ پلاندانان:

وێناکردنێکی پێشوەختە مامۆستا پێش وتنەوەی وانەکەی سەرجەم پێداویستییەکانی ئامادەدەکات، کە دابەش دەبێت بۆ دوو بواری سەرەکی، ئەوانیش شیکردنەوە و دیزاینکردنە.

### 3-1-1-1 شیکردنەوە:

شیکردنەوە گرنگی و پێگەی خۆی هەیە بۆ کاری مامۆستا، چونکە سەرکەوتنی فێرکردنی پۆل بە ڕادەیەکی زۆر بەستراوەتەوە بە ڕادە و چۆنێتیی ئامادەکردنی بابەتەکە لە چەندین پێکهاتەی جیاواز، وەک. (لاحمد، 2005: 103)

1-**دیاریکردنی لایەنی سوودمەندیی توێژینەوەکە**:- ئەم توێژینەوەیە دەکرێت سوودی هەبێت بۆ مامۆستا و قوتابییانی پۆلی هەشتەمی بنەڕەتی لە ڕێگەی ئامادەکردنی دوو پرۆگرامەوە، کە یەکێکیان تایبەتە بە (مامۆستا) و ئەوەی دیکەیان تایبەتە بە (قوتابییان) لە خوێندنگەکاندا.

**2-دیاریکردنی ناوەڕۆکی خوێندن:-** شیکردنەوە ناوەڕۆکی پەرتووکی زانستی هێنانەکایە و ڕێکخستنی ڕێگەکانی وانەوتنەوە هەموو پێکهاتەکانی لەخۆگرتووە. (عبدالسلام، 2006: 30) شیکردنەوەی ناوەڕۆکی بابەتەکانی خوێندنی جوگرافیا لە سێ بەندی سەرەکی پێکهاتووە. بۆ ئەنجامدانی توێژینەوەکە، ئەزموونی توێژینەوەکە بە شێوەی هەڕەمەکی سادەی دیاریکرد بۆ بەندەکانی پەرتووکە وەک بەندی یەکەم کیشوەری (ئاسیا) و بەندی دووەم کیشوەری (ئەوروپا) و بەندی سێیەم کیشوەری (ئەفریقیا)، لە لاپەڕە(114-159)یە، دابەشکراوە بۆ (16) وانەی تیۆری و (4) وانەی پراکتیکی کە کۆی گشتی دەکاتە (20)وانە، بۆ جێبەجێکردنی توێژینەوەکە کە خۆی لە دوو پڕۆگرامی فێرکاریی-فێربووندا دەبینێتەوە وەک پڕۆگرامی فێرکاری بۆ (مامۆستا) و پڕۆگرامی فێربوون بۆ (قوتابییان) پێکهاتووە.

**3-هەڵبژاردنی ستراتیژییەکانی وانەوتنەوە:** ستراتیژییەکانی وانەوتنەوە بە شێوازێکی جۆراوجۆرن، لەم توێژینەوەیەدا (11) ستراتیژیی تایبەت بە گەشەپێدانی بیرکردنەوەی داهێنەرانە بەپێی ڕاوبۆچوونی شارەزایان.

**4-ئامادەکردنی ئامانجە فێرکارییەکان:** ئامانجی فێرکردن وەسفی شێوازی ڕەفتار یان ئەنجامدانی کارێک دەکات، کە بە شێوەیەکی دیار و بەرچاو تێبینیبکرێت (الفتلاوی، 2015: 163) شارەزایان ژمارەی ئامانجەکان لە کۆی (115) ئامانج تەنها (110) ئامانجیان دیاریکرد و جێگیرکراوە، و (5) ئامانجی لێ لابراوە.

**3-1-1-2 دیزاینکردن:** ئەم قۆناغە بەشێکە لە قۆناغی پلاندانان بە مەبەستی ڕێکخستن و دیزاینکردنی پڕۆگرامێکی فێرکاریی-فێربوون بە شێوەیەکی زنجیرەیی تایبەت بە بابەتی خوێندن جێبەجێکردنی بەپێی پڕۆگرامەکە. (زەیتون، 2005: 372)

### 3-1-1-2-1 ئامرازی توێژینەوەکە:

**1-ئامادەکردنی تاقیکردنەوەی بەدەستهێنانی چەمکەکانی بابەتی جوگرافیا:** تاقیکردنەوەی بەدەستهێنانی چەمکەکانی جوگرافیا گرووپێک یان کۆمەڵێک لە شتەکان یاخود کۆمەڵێک دیاردەی سروشتی و مرۆیی جوگرافیا کە سیفاتی تایبەت بەیەکتریان هەیە، لەژێر ناوێکدا کۆکراونەتەوە. (عبدالحلیم، 2005: 5)، توێژەر تاقیکردنەوەی چەمکەکانی جوگرافیای ئامادەکرد کە بۆ هەر چەمکێک سێ تایبەتمەندی لەخۆدەگرێت وەک (پێناسەی چەمک، جیاکاریی چەمک، جێبەجێکردنی چەمک) هەروەک لە توێژینەوەکانی (الامی 2019)، (بیدی 2016)دا هاتووە، کە کۆی گشتی (17) چەمکە بە شێوەی (51) پرسیاری ئامادەکراو لە جۆری هەڵبژاردن.

**2-ئامادەکردنی وەڵامەکانی بەدەستهێنانی چەمکەکانی جوگرافیا:** ئامادەکردنی وەڵامی هەڵبژاردن لە جۆری چەند دانەیەک کە وەڵامەکان خۆی دەبینێتەوە بۆ سێ وەڵام بە ژمارەکانی (أ- ب-ج)دایە، کە توانای قوتابی بۆ هەڵبژاردنی وەڵامی گونجاو دەخاتە بازنەوە.

**2-ڕاستێتیی تاقیکردنەوەی بەدەستهێنانی چەمکەکانی بابەتی جوگرافیا:** ڕاستی و دروستیی هەر ئامرازێک مەبەست لێی ئەوەیە ئەو ئامرازە تا چەند پێوانەی ئەو تایبەتمەندییە دەکات کە لە پێناویدا ئامادەکراوە.

(أسماعيل، 2012: 85) توێژەر بە مەبەستی ڕاستێتیی ئامرازەکە خستیەبەردەستی ژمارەیەک پسپۆڕی شارەزا کە ژمارەیان (19) شارەزایە لە بواری جوگرافیا، ڕێگەکانی وانەوتنەوە و پێوانە و هەڵسەنگاندن، و ئاماژەکردن بە ڕەهەندی وەڵامدانەوەی گونجاو و نەگونجاو، گۆڕانکاری لەپاش تەواوبوون و پێداچوونەوەی هەر (51) پرسیارەکە بە گونجاو بۆ تاقیکردنەوەی بەدەستهێنانی چەمکەکانی جوگرافیا دانران.

**3-جێگیریی تاقیکردنەوەی بەدەستهێنانی چەمکەکانی بابەتی جوگرافیا:**

ئەو تاقیکردنەوەیە بە نەگۆڕ دادەنرێت ئەگەر هاتوو هەمان ئەنجام یان نزیک لەو ئەنجامە بەدەستەوە بدات، زیاتر لە چەند جارێک دووبارەبکرێتەوە بەسەر هەمان گرووپدا. (أبوغریب، 2009: 99)

توێژەر بۆ دۆزینەوەی جێگیری نموونەیەکی سەرەتایی ئەنجامداوە بۆ (200) قوتابی بەدەر لە نموونەی توێژینەوەکە، کە شێوازی دووبارە تاقیکردنەوەی بەکارهێناوە، واتە جێبەجێکردنی تاقیکردنەوەی یەکەم دووبارە تاقیکردنەوەی دووەم دوای دوو هەفتە لە تاقیکردنەوەی یەکەم بەسەر هەمان قوتابییاندا لە خوێندنگەی وانی بنەڕەتی ئەنجامدرایەوە، پاش تەواوکردنی تاقیکردنەوە و هەڵەچنیکردنی وەڵامەکان هاوکێشەی پێرسۆنی بەکارهێناوە بۆ دۆزینەوەی پەیوەندی کە بە ڕێژەی (87%) بە گونجاو دانراوە.

**5- هەڵەچنیکردنی تاقیکردنەوەی بەدەستهێنانی چەمکەکانی بابەتی جوگرافیا:**

توێژەر لەپاش تەواوکردنی هەردوو تاقیکردنەوەکە، وەڵامی پرسیارەکان تایبەت بە تاقیکردنوەکە نمرەی (1) بۆ وەڵامە ڕاستەکان و نمرەی (سفر) بۆ وەڵامە هەڵەکان داناوە، بۆ هەر (51) پرسیارەکە لە (51) نمرە.

**3-2-2-2-2-جۆری پلانی وانەکانی پرۆگرامەکە:** پلانەکانی توێژینەوەکە (32) پلانە بۆ گرووپەکان.

**3-1-1-2-2-1 پلانی وانەوتنەوەی گرووپی ئەزموونی:**

ئامادەکردنی پرۆگرامەکە لەلایەن توێژەرەوە بە دوو شێوازی تایبەت یەکێکیان تایبەت بە مامۆستا و ئەوەی دیکەیان تایبەت بە قوتابییان لە ڕێکەوتی (2021/12/12) دەستکراوە بە ئامادەکردن و دیاریکردنی پێداویستییەکانی، کە بە شێوەیەک دیزان و نووسینی تێدا ئەنجامدراوە، هەروەک پلانی وانەوتنەوەی گرووپی ئەزموونی کە دوو پرۆگرام کە پێکهاتووە لە (16) وانەی تیۆری (4) وانەی پراکتیکی بە گشتی (20) وانەیە، کە لەلایەن توێژەرەوە دەوترێتەوە و دیزاینکردنێکی وردی کردووە کە بەندی یەکەم (6) وانەی دووەم (5) وانە و بەندی سێیەم (5) وانەی لەخۆگرتووە، هەر بەبابەتێک جگە لە پەرتووکی قوتابی پشت بە سەرچاوەی زانستی دەبەستێت، و ئامادەکردنی پلانێک بۆ هەر وانەیەک کە سەرجەم مەرجەکانی شێوازی پلانی هەیە، پشتبەست بە دوو پرۆگرامی فێرکاریی-فێربوون، لەگەڵ(11)ستراتیژیی وانەوتنەوەی نوێ تێیدا بەکارهێنراوە بۆ بەدەستهێنانی چەمکەکانی بابەتی جوگرافیا بە شێوەی گرووپ کە قوتابییان دابەشدەکرێت لەلایەن مامۆستا و (110) ئامانجی ڕەفتاریی بۆ هەر وانەیەک دارشتووە. توێژەر بە مەبەستی ڕاستی و دروستیی پرۆگرامەکە

بە شێوەیەکی ڕاپرسی کراوەی ئامادەکرد کە پێکهاتووە لە (5) بواری تایبەت بە ناوەڕۆکی پرۆگرامەکان خستیەبەردەست، شارەزایان کە ژمارەیان (13) شارەزایە، پاش گۆڕانکارییەکی کەم بە ڕێژەی (96%) بە گونجاو دانراوە بۆ بابەتی جوگرافیا، پرۆگرامەکە بە کۆی ڕاوبۆچوونەکان پەسەندکراوە.

### 3-1-1-2-2-2پلانی وانەوتنەوەی گرووپی کۆنترۆڵکراو:

پلانی وانەوتنەوەی گرووپی کۆنترۆڵکراو ئامادەکراوە بە ڕێگەی ئاسایی لەلایەن توێژەرەوە دەوترایەوە تایبەت بە گرووپی (ی) پۆلی هەشتەمی بنەڕەتی لە بابەتی جوگرافیا کە خۆی لە (16) وانەی تیۆری دەبینێتەوە، بە پشتبەستن بە پەرتووکی بابەتە کۆمەڵایەتییەکانی بەشی جوگرافیا کە لەلایەن وەزارەتی پەروەردەی حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە دانراوە. کە پێکهاتووە لە شەش بەند تەنها سێ بەندی هەڵبژێراوە، بەندی یەکەم (6) وانە، بەندی دووەم (5) وانە، بەندی سێیەم (5) وانەی لەخۆگرتووە، هەر وانەیەک پلانی تایبەت بەخۆی هەیە، کە سەرجەم مەرج و شێوازەکانی وانەوتنەوەی تێدایە لە (ناوەڕۆک، ئامانجەکان، چالاکی، ئامرازی فێرکاری، هەڵسەنگاندن، ئەرکی ماڵەوە)، و ڕاستێتی بۆ هەر وانەیەک ئەنجامدراوە بە خستەبەردەستی ژمارەیەک پسپۆڕی شارەزا کە ژمارەیان (5) شارەزایە بۆ هەڵسەنگاندنی پلانی وانەکانی گرووپی کۆنترۆڵکراو لەپاش وەرگرتنی ڕاوبۆچوونیان و بە ڕێژەی (98%) بە گونجاویان داناوە بۆ وانەوتنەوە بە شێوەیەک پەسەندکراوە.

### 3-1-1-2 دیزاینی پرۆگرامەکە (تایبەتمەندییەکانی):

1- سەرجەم وانەکانی لەلایەن توێژەرەوە دەوترانەوە بۆ هەردوو گرووپی ئەزموونی و گرووپی کۆنترۆڵکراو.

2- وانەکان دەوترانەوە بە شێوازی دوو دەوامی، دەوامی بەیانیان ڕۆژانی (چوار شەممە، پێنج شەممە)، و دەوامی نیوەڕۆیان (شەممە)

3- کاتەکانی دەوامکردن لە کاتژمێر (8) بەیانییەوە بۆ (12) نیوەڕۆیان، دەوامی نیوەڕۆیان لە کاتژمێر (12:30) بۆ (4:15).

4- بەکارهێنانی ئامرازەکانی فێرکردن وەک (داتاشۆ، وێنە، نەخشە، ڤیدیۆ، وایت بۆرد، کاغەزی ڕەنگاوڕەنگ) بەکارهێنراوە لەلایەن توێژەرەوە.

5- پرۆسەی هەڵسەنگاندن بۆ هەر وانەیەک لە کۆتایی هەر بەندێکدا ئەنجامدراوە.

6- پێشەکی و ناوەڕۆکی پرۆگرامەکە لەلایەن توێژەرەوە ئامادەکاری بۆکراوە.

7- سەرجە دیزاینکردنی لاپەڕەکان و نەخشەکان لەلایەن توێژەرەوە دانراوە.

8- ناوەڕۆکی هێلکارییەکان تایبەت بە هەر ستراتیژی و بابەتێکەوە توێژەر داڕشتنی بۆکردووە.

9- توێژەر بە مەبەستی داڕشتن و ڕێکردنی ناوەڕۆکی پەرتووکی خوێندن و دەوڵەمەندکردنی سەرچاوەی جۆراوجۆری بەکارهێناوە.

### 3-1-2 قۆناغی دووەم جێبەجێکردن: هەنگاوەکانی جێبەجێکردنی توێژینەوەکە:

### 3-1-2-1 ڕێبازی توێژینەوەکە:

توێژەر ڕێبازی توێژینەوەی ئەزموونی پەیڕەوکردووە، وەک لە خشتەی ژمارە (3-1)دا هاتووە.

**خشتەی ژمارە(3-1) ڕێبازی توێژینەوەکە ڕووندەکاتەوە.**

| گرووپەکان | تاقیکردنەوە پێشەکی | گۆڕاوی سەربەخۆ | تاقیکردنەوەی پاشەکی | گۆڕاوی شوێنکەوتە |
|---|---|---|---|---|
| ئەزموونی | بەدەستهێنانی چەمکەکان جوگرافیا | پرۆگرامێکی فێرکاریی-فێربوون | بەدەستهێنانی چەمکەکان جوگرافیا | بەدەستهێنانی چەمکەکان جوگرافیا |
| کۆنترۆڵکراو | بەدەستهێنانی چەمکەکان جوگرافیا | ڕێگایی ئاسایی-باو | بەدەستهێنانی چەمکەکان جوگرافیا | بەدەستهێنانی چەمکەکان جوگرافیا |

**3-1-2-2 کۆمەڵگەی توێژینەوەکە:** بریتیە لە سەرجەم ئەو ڕەگەز و تاکانەی کە تایبەتمەندیی هاوبەشیان هەیە، دەتوانرێت تێبینی و لێکدانەوەی بۆ دەکرێت و ئەنجامی توێژینەوەکە بەسەریان گشتگیر دەکرێت. (صبری، 2006: 18)

کۆمەڵگەی توێژینەوەکە پێکهاتووە لە سەرجەم قوتابییانی پۆلی هەشتەمی بنەڕەتی، لە ناوەندی پارێزگای سلێمانی دابەشکراوە بەسەر هەر دوو بەڕێوبەرایەتیی پەروەردەی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا، کە ژمارەیان بە گشتی (18699) قوتابییە، هەر وەک لە خشتەی ژمارە (3-2)دا هاتووە.

**خشتەی ژمارە(3-2) کۆمەڵگەی توێژینەوەکە**

| ڕەگەز / بەڕێوبەرایەتی | کچان | کوڕان | کۆی گشتی |
|---|---|---|---|
| پەروەردەی ڕۆژئاوا | ٥٤٧٠ | ٦٠١٥ | ١١٤٨٥ |
| پەروەردەی ڕۆژهەڵات | ٣٦٩٩ | ٣٥١٥ | ٧٢١٤ |
| کۆی گشتی | ٩١٦٩ | ٩٥٣٠ | ١٨٦٩٩ |

**3-2-2: نموونەی توێژینەوەکە:** بریتییە لە بەشێک لە کۆمەڵگەی توێژینەوەکە هەڵدەبژێرێت بە شێوەیەک کە نوێنەرایەتیی ئەو کۆمەڵگەیە بکات و ئامانج و مەبەستەکانی ئەو توێژینەوەیە بەدیبهێنێت. (البطیش أبوزینة، 2007: 96-97)

جۆری نموونەی ئەم توێژینەوەیە هەڵبژێراوە بە شێوەی مەبەستدار، لەلایەن توێژەرەوە کە هەڵبژاردنی گرووپەکان بە شێوەی هەڕەمەکیی سادە بوو لە (8) گرووپ بوون دوو گرووپی دیاریکرد (ب) گرووپی ئەزموونی (ی) گرووپی کۆنترۆڵکراو پۆلی هەشتەمی بنەڕەتی لە خوێندنگەی (شاد)ی بنەڕەتی سەر بە بەڕێوبەرایەتیی پەروەردەی ڕۆژئاوا، کە ژمارەیان بە گشتی (59) قوتابییە بۆ هەردوو گرووپی ئەزموونی و گرووپی کۆنترۆڵکراو بەو شێوەیەی کە لە خشتەی ژمارە (3-3)دا خراوەتەڕوو.

**خشتەی ژمارە(3-3) نموونەی توێژینەوەکە**

| ڕەگەز / گرووپەکان | کچان | کوڕان | کۆی گشتی |
| --- | --- | --- | --- |
| ئەزموونی | ١٢ | ١٨ | ٣٠ |
| کۆنترۆڵکراو | ١٥ | ١٤ | ٢٩ |
| کۆی گشتی | ٢٧ | ٣٢ | ٥٩ |

## 3-1-2-4 کۆنترۆڵکردنی گۆڕاوەکان:

**1-تەمەنی قوتابییان بۆ هەردوو گرووپ هەژمارکردن بە مانگ:**توێژەر بە مەبەستی زانینی ئاستی تەمەنی قوتابییانی هەردوو گرووپەکە هەستا بە وەرگرتنی لە ڕێکەوتی لەدایکبوون بە (ڕۆژ، مانگ، ساڵ) ((t-T est)هەروەک لە خشتەی ژمارە (3-4)دا خراوەتەڕوو.

**خشتەی ژمارە (3-4) هاوتاکردنی تەمەنی قوتابییان بۆ هەردوو گرووپەکە ڕووندەکاتەوە**

| گرووپ | قەبارەی نموونە | ناوەندی ژمێرەیی | لادانی پێوەری | بەهای (ت) ئەژمارکراو | بەهای (ت) خشتەی | نمرەی ئازاد | ئاستی بەڵگەداری (٠.٠٥) |
| --- | --- | --- | --- | --- | --- | --- | --- |
| ئەزموونی | ٣٠ | ١٦٧,٣٠ | ١,٧٧ | ٠,٧٤١ | ١,٦٧ | ٥٧ | بەڵگەدارنیە |
| کۆنترۆڵکراو | ٢٩ | ١٦٥,٥١ | ١,٦٢ | | | | |

هەروەک لە خشتەی ژمارە (3-4)دا: دەردەکەوێت کە بەهای تائی ئەژمارکراو بریتییە لە (0,741) کەمترە لە بەهای خشتەی کە یەکسانە بە (1,67) بەپێی نمرەی ئازادی (57) پلەیە"و ئاستی بەڵگەداری (0.05) واپیشانی دەدات کە جیاوازیی بەڵگەداری ئاماری نییە لە نێوان قوتابییانی هەردوو گرووپەکە بەپێی گۆڕاوی تەمەن هاوتا و گرووپەکان.

**3-پیشەی باوکی قوتابییان بۆ هەردوو گرووپەکە:** باری ئابووری لەلایەنی باوک و دایکەوە کاریگەریی ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆی دەبێت لەسەر ئاستی دابینکردنی بژێویی ئەندامانی خێزان لە ئاستێکی (باش، ناوەند، خراپ)دا، (الكناني، 2005: 205) بۆ ئەم مەبەستە توێژەر وەرگرتنی لایەنی پیشەی باوکی قوتابییانی لە ڕۆژی پێنج شەممە لە ڕێکەوتی (2022/11/14) وەرگرتووە بە مەبەستی بنەمای هاوسەنگی بۆ نموونەی توێژینەوەکە، هەردوو گرووپەکە، لە ڕێگەی بەکارهێنانی هاوکێشەی ئاماریی کای سکوێر هەروەک لە خشتەی ژمارە (3-5) خراوەتەڕوو.

**خشتەی ژمارە (3- 5) پیشەی باوکی قوتابییان بۆ هەردوو گرووپی ئەزموونی و کۆنترۆڵکراو**

| گرووپ | پیشەی باوک | | | قەبارەی نموونە | بەهای (ک) | | نمرەی ئازاد | ئاستی بەڵگەداری (٠.٠٥) |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | مامۆستا | کارمەند | کاسب | | ئەژمارکراو | خشتەی | | |
| ئەزموونی | ٩ | ٨ | ١٣ | ٣٠ | ٠,٤٨ | ٥,٩٩ | ٢ | بەڵگەدارنیە |
| کۆنترۆڵکراو | ٧ | ١٠ | ١٢ | ٢٩ | | | | |
| کۆی گشتی | ١٦ | ١٨ | ٢٥ | ٥٩ | | | | |

هەروەک لە خشتەی ژمارە (3– 5)دا: دەردەکەوێت کە بەهای( ک) هەژمارکراو بریتییە لە (48. 0) کەمترە لە بەهای خشتەیی کە یەکسانە بە (5,99) بەپێی نمرەی ئازادی (2) پلەیە، و ئاستی بەڵگەداری (0.05) وایپیشانی دەدات، کە جیاوازیی بەڵگەداری ئاماری نییە لە نێوان قوتابییانی هەردوو گرووپەکە بەپێی گۆڕاوی پیشەی باوک هاوتان.

**4-پیشەی دایکی قوتابییان بۆ هەردوو گرووپەکە: پیشەی دایکی قوتابییان:** پیشەی دایکی قوتابییان بەهەمان پیشەی باوکی قوتابییان لە ڕووی لایەنی ئابوورییەوە سەرەڕای ئەوەی هەندێک لە قوتابییان لە نازی باوکیان دوورن پشت بە دایکیان دەبەستن، بۆیە کاریگەریی زۆری دەبێت لەسەر قوتابییان لە بەدەستهێنانی زانیاری، بۆ ئەو مەبەستەش توێژەر لە ڕۆژی پێنج شەممە لە ڕێکەوتی (2022/11/14) لەسەر بنەمای هاوسەنگی نموونەی توێژینەوەکەی وەرگرتووە، پاشان لە ڕێگەی هاوکێشەی ئاماریی (کای سکوێر) هەروەک لە خشتەی ژمارە (3-6)خراوەتەڕوو.

**خشتەی ژمارە(3-6)پیشەی دایکی قوتابییان بۆ هەردوو گرووپی ئەزموونی و کۆنترۆڵکراو**

| گرووپ | پیشەی دایک | | | قەبارەی نموونەی | بەهای (ک) | | نمرەی ئازاد | ئاستی بەڵگەداری (٠.٠٥) |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | مامۆستا | کارمەند | ژنی ماڵەوە | | ئەژمارکراو | خشتەی | | |
| ئەزموونی | ٨ | ٧ | ١٥ | ٣٠ | ٠,٥٥ | ٥,٩٩ | ٢ | بەڵگەدارنیە |
| کۆنترۆڵکراو | ٨ | ٩ | ١٢ | ٢٩ | | | | |
| کۆی گشتی | ١٦ | ١٦ | ٢٧ | ٥٩ | | | | |

هەروەک لە خشتەی ژمارە (3- 6)دا: دەردەکەوێت کە بەهای (ک) ئەژمارکراو بریتییە لە (55. 0) کەمترە لە بەهای خشتەیی کە یەکسانە بە (99، 5) بەپێی نمرەی ئازادی (2) پلە، و ئاستی بەڵگەداری (0.05) وایپیشانی دەدات کە جیاوازیی بەڵگەداری ئاماری نییە لە نێوان قوتابییانی هەردوو گرووپەکە بەپێی گۆڕاوی پیشەی دایک هاوتان.

**5- بڕوانامەی باوکی قوتابییان بۆ هەردوو گرووپەکە:** مەبەست لە بەدەستهێنانی جۆری ئەو بڕوانامەیە کە لە ماوەی ساڵانی خوێندنی بەدەستیهێناوە (ملحم، 2002: 209)، بۆ ئەم مەبەستە توێژەر ئاستی بڕوانامەی باوکی قوتابی دیاریکراوە بۆ سێ ئاستی جیاوازی (ئامادەیی، بکالۆریۆس، سەرەتایی). بەهاوکاریی ستافی خوێندنگە پاشان بەکارهێنانی هاوکێشەی (کای سکوێر) وەک لە خشتەی ژمارە(3-7)دا هاتووە.

**خشتەی ژمارە (3-7) ئاستی خوێندنی باوکان بۆ گرووپی ئەزموونیی کۆنترۆڵکراو**

| گرووپ | بڕوانامەی باوک | | | قەبارەی نموونە | بەهای(ک) | | نمرەی ئازاد | ئاستی بەڵگەداری (٠.٠٥) |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | بکالۆریۆس | ئامادەیی | سەرەتایی | | ئەژمارکراو | خشتەی | | |
| ئەزموونی | ٧ | ٩ | ١٤ | ٣٠ | ٠,٠٣٥ | ٥,٩٩ | ٢ | بقل ٙطةدارنية |
| کۆنترۆڵکراو | ٧ | ٨ | ١٤ | ٢٩ | | | | |
| کۆی گشتی | ١٤ | ١٧ | ٢٨ | ٥٩ | | | | |

هەروەک لە خشتەی ژمارە (3- 7)دا: دەردەکەوێت کە بەهای (ک) ئەژمارکراو بریتییە لە (0,035) کەمترە لە بەهای خشتەیی کە یەکسانە بە (99، 5) بەپێی نمرەی ئازادی (2) پلەیە، و ئاستی بەڵگەداری (0.05) واپیشانی دەدات کە جیاوازیی بەڵگەداری ئاماری نییە لە نێوان قوتابییانی هەردوو گرووپەکە بەپێی گۆڕاوی بڕوانامەی باوک و هاوتان.

**6- بڕوانامەی دایکی قوتابییان بۆ هەردوو گرووپەکە:** زۆرێک لە توێژینەوەکان ئاماژە بەوە دەکەن کە ئاستی ڕۆشنبیریی دایک کاریگەریی لەسەر دروستکردنی زانیارییەکان هەیە (عطار، 2005: 13)، ئاستی قوتابییان بۆ سێ ئاستی جیاواز دیاریکردووە (بکالۆریۆس، ئامادەیی، سەرەتایی) پاشان توێژەر بە مەبەستی زانینی ڕادەی هاوتای بۆ دیاریکردنی هەبوون یان نەبوونی جیاوازی لە نێوان قوتابییانی هەردوو گرووپەکە بە ڕێگەی بەکارهێنانی هاوکێشەی (کای سکوێر) وەک لە خشتەی ژمارە (3-8)دا دیارە.

**خشتەی ژمارە (3-8) ئاستی خوێندنی دایکی قوتابییان بۆ هەردوو گرووپەکە**

| گرووپ | بڕوانامەی دایک | | | قەبارەی نموونەی | بەهای(ک) | | نمرەی ئازاد | ئاستی بەێگەداری (٠.٠٥) |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | بکالۆریۆس | ئامادەیی | سەرەتایی | | ئەژمارکراو | خشتەی | | |
| ئەزموونی | ٨ | ١٠ | ١٢ | ٣٠ | ٠,٢٠٧ | ٥,٩٩ | ٢ | بەڵگەدارنیە |
| کۆنترۆڵکراو | ٨ | ١١ | ١٠ | ٢٩ | | | | |
| کۆی گشتی | ١٦ | ٢١ | ٢٢ | ٥٩ | | | | |

هەروەک لە خشتەی ژمارە (3- 8)دا: دەردەکەوێت کە بەهای (ک) ئەژمارکراو بریتییە لە (0,207) کەمترە لە بەهای خشتەیی کە یەکسانە بە (99، 5) بەپێی نمرەی ئازادی (2) پلەیە، و ئاستی بەڵگەداری (0.05) واپیشانی دەدات کە جیاوازیی بەڵگەداری ئاماری نییە لە نێوان قوتابییانی هەردوو گرووپەکە بەپێی گۆڕاوی خوێندنی دایک هاوتان.

**7- ئاستی زیرەکیی هەردوو گرووپەکە:** زیرەکی بریتییە لە کۆی توانا سەرەتاییە عقڵی و زانیارییەکان سیفەتێکە کە بە تاقیکردنەوەی زیرەکی دەپێورێت (الزغول، 2002: 255) لەبەرئەوە تاقیکردنەوەی ڕاڤن (iq- Test)) کە بە ناوەندی تاقیکردنەوەی داتاشراوەیەک لەدوا یەکەکان (المصفوفات المتتابعە) ناسراوە (علام، 2002: 397) کە لە ڕێکەوتی (2022/11/24)

کاتی تەرخانکراو بۆ جێبەجێکردنی بریتی بوو لە (40) خولەک وەڵامبدرێتەوە، لەلایەن قوتابییانەوە بەسەر هەردوو گرووپەکەدا جێبەجێکراوە، لەپاش کۆتاییهاتن، وەڵامەکان هەڵەچنییان بۆکراوە لەلایەن توێژەرەوە وەڵامی ڕاست نمرەی (1) وەردەگرێت و وەڵامی هەڵە نمرەی (سفر) وەردەگرێت، بۆ زانینی هاوتایی گرووپەکان هاوکێشەی (تائی) بەکارهێناوە وەک لە خشتەی ژمارە (3–9) داخراوەتەڕوو.

**خشتەی ژمارە (3–9)ئاستی زیرەکی بۆ هەردوو گرووپەکە**

| گرووپ | قەبارەی نموونە | ناوەندی ژمێرەیی | لادانی پێوەریی | بەهای (ت) | | نمرەی ئازاد | ئاستی بەڵگەداری (٠.٠٥) |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | ئەژمارکراو | خشتەی | | |
| ئەزموونی | ٣٠ | ٢٢,٤٦ | ٦,٢٧ | ٠,٤٠٤ | ١,٦٧ | ٥٧ | بەڵگەدارنیە |
| کۆنترۆڵکراو | ٢٩ | ٢١,٨٦ | ٥,١٣ | | | | |

هەروەک لە خشتەی ژمارە(3– 9)دا: دەردەکەوێتکە بەهای تائی ئەژمارکراو بریتییە لە (404، 0) کەمترە لە بەهای خشتەیی کە یەکسانە بە (67، 1) بەپێی نمرەی ئازادی (57) پلە و ئاستی بەڵگەداری (0.05) واپیشانی دەدات کە جیاوازیی بەڵگەداری ئاماری نییە لە نێوان قوتابییانی نموونە بەپێی گۆڕاوی ئاستی زیرەکی هاوتان.

-8 **نمرەی کۆتا ساڵی پۆلی (7) بابەتی جوگرافیا بۆ هەردوو گرووپەکە:** توێژەر بە مەبەستی زانینی نمرەی کۆتا ساڵی پێشوو قوتابییانی گرووپی ئەزموونی و گرووپی کۆنترۆڵکراو بە هاوکاریی ستافی خوێندنگە وەریگرتووە لە پاشان بە مەبەستی زانینی ڕادەی هاوتایی گرووپەکان بۆ هەبوون یان نەبوونی جیاوازی لە نێوان گرووپەکان هاوکێشەی (ت) ( t.T esبەکارهێناوە بەم شێوەی لە خشتەی ژمارە (3–10)دا خراوەتەڕوو.

**خشتەی ژمارە (3–10) بەپێی ئاستی نمرەی پۆلی (7) بۆ هەردوو گرووپی ئەزموونی و کۆنترۆڵکراو**

| گرووپ | قەبارەی نموونە | ناوەندی ژمێرەیی | لادانی پێوەریی | بەهای (ت) | | نمرەی ئازاد | ئاستی بەڵگەداری (٠.٠٥) |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | ئەژمارکراو | خشتەی | | |
| ئەزموونی | ٣٠ | ٦٤,٤٦ | ٢٠,١٤ | ٠,٣٠٣ | ١,٦٧ | ٥٧ | بەڵگەداری |
| کۆنترۆڵکراو | ٢٩ | ٦٥,٩٣ | ١٦,٦٩ | | | | |

هەروەک لە خشتەی ژمارە (3– 10 )دا: دەردەکەوێت کە بەهای تائی ئەژمارکراو بریتییە لە (0,303) کەمترە لە بەهای خشتەیی کە یەکسانە بە (67، 1) بەپێی نمرەی ئازادی (57) پلە، و ئاستی بەڵگەداری (0.05) وا پیشانی دەدات کە جیاوازیی بەڵگەداری ئاماری لە نێوان قوتابییانی هەردوو گرووپەکە نییە، بەپێی گۆڕاوی پۆلی 7 هاوتان.

**3–1–2–6 ئامرازی توێژینەوەکە:** ئامادەکردنی تاقیکردنەوەی بەدەستهێنانی چەمکەکان.

**3–1–2–7 جێبەجێکردنی توێژینەوەکە:** توێژەر هەستاوە بە جێبەجێکردنی هەردوو پڕۆگرامی فێرکاریی –فێربوون بۆ قوتابییانی پۆلی هەشتەمی بنەڕەتی لە خوێندنگەی (شاد)ی تێکەڵاو لە بەڕێوبەرایەتیی پەروەردەی ڕۆژئاوا، لە ڕۆژی چوارشەممە ڕێکەوتی (2023/1/4)

بۆ گرووپی ئەزموونی و کۆنترۆڵکراو لەلایەن توێژەرەوە دەوترایەوە  بە شێوەی دوو دەوامی ڕۆژانی (شەممە) دەوامی نیوەڕۆیان، و ڕۆژانی (چوارشەممە، پێنجشەممە) دەوامی بەیانیان.

## 3-1-قۆناغی سێیەم هەڵسەنگاندن:

توێژەر لەپاش جێبەجێکردنی توێژینەوەکەی کۆتاییهێنا بە پرۆسەی ئەزموونکردن لە ڕۆژی پێنجشەممە لە ڕێکەوتی (2023/2/16) بۆ هەردوو گرووپی ئەزموونی و کۆنترۆڵکراو.

## 3-1-2-8-ئامرازە ئامارییەکان:

1- هاوکۆلکەی ئاماریی بەرنامەی spss لە ڕێگەی هاوکێشەی ئاماریی ( t-Test) بۆ دوو نموونەی جیاواز و شیکردنەوەی داتا و زانیارییەکانی هەردوو گرووپەکە.

2- هاوکێشەی (کای سکوێر)  (Chi-Square x) بۆ دۆزینەوەی هاوتاکردنی نێوان گرووپەکان.

3- هاوکێشەی ئاماریی (پێرسۆن) بۆ دۆزینەوەی جێگیریی ئامانجەکان.

## بەشی چوارەم:           خستەڕوو و شیکردنەوەی ئەنجامەکان:

**4-1 خستەڕووی ئەنجامی گریمانەکان:** سەبارەت بە گریمانەی یەکەم دەقەکەی بریتییە لە جیاوازیی بەڵگەداری نییە لەسەر ئاستی بەڵگەداریی (0.05) لە ناوەندی ژمێرەیی نمرەکانی تاقیکردنەوەی پێشەکی و پاشەکیی گرووپی ئەزموونی لە بەدەستهێنانی چەمکەکانی جوگرافیا لای قوتابییانی پۆلی هەشتەمی بنەڕەتی. هەروەک لە خشتەی (4-1) دیارە.

**خشتەی ژمارە(4-1)نمرەی تاقیکردنەوەی پێشەکی و پاشەکیی گرووپی ئەزموونی**

| گرووپی ئەزموونی | قەبارەی نموونە | ناوەندی ژمێرەیی | لادانی پێوەری | بەهای(ت) | | نمرەی ئازاد | ئاستی بەڵگەداری (٠.٠٥) |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | ئەژمارکراو | خشتەی | | |
| پێشەکی | ٣٠ | ٢٨,٦٠ | ٥,٢٥ | ١٣,٨٠ | ١,٦٧ | ٥٧ | بەڵگەدارە |
| پاشەکی | ٣٠ | ٣٩,٧٠ | ٧,٠٠٣ | | | | |

لە خشتەی ژمارە (4-1)دا دەردەکەوێت، کە بەهای (تی) ئەژمارکراو یەکسانە بە (13 ،80) و بەهای خشتەی یەکسانە بە (1 ،67) و نمرەی ئازادی بریتییە لە (57) لە ئاستی بەڵگەداری (0 ،05)دایە لەبەر ئەوەی بەهای تائی هەژمارکراو گەورەترە لە بەهای خشتەیی, بۆیە ئاماژەیە بەوەی کە جیاوازی لە نێوان ناوەندی ژمێرەیی نمرەکانی قوتابییانی گرووپی ئەزموونی لە تاقیکردنەوەی پێشەکی لە بەدەستهێنانی چەمکەکانی بابەتی جوگرافیا بە هەمان گرووپ هەیە، بە پشتبەستن بە بەدەستهێنانی چەمکەکانی جوگرافیا لە بەرژەوەندیی گرووپی پاشەکیدا.

2- **ئەنجامی گریمانەی دووەم**: دەقەکەی بریتییە لە جیاوازیی بەڵگەداری نییە لەسەر ئاستی بەڵگەداری (0 ،05) لە ناوەندی ژمێرەیی نمرەکانی تاقیکردنەوەی پاشەکیی گرووپی ئەزموونی کە بە ڕێگەی پرۆگرامی (فێرکاریی-فێربوون) پشتبەست بە فێربوونی چالاک خوێندوویانە،

بەراورد بە ناوەندی ژمێرەیی نمرەکانی تاقیکردنەوەی پاشەکیی گرووپی کۆنترۆڵکراو کە بە شێوەی ئاسایی خوێندوویانە لە بەدەستهێنانی چەمکەکانی بابەتی جوگرافیا.

**خشتەی ژمارە (4-2)تاقیکردنەوەی پاشەکی بۆ هەردوو گرووپی ئەزموونی و کۆنترۆڵکراو**

| گرووپ | قەبارەی نموونە | ناوەندی ژمێرەیی | لادانی پێوەریی | بەهای(ت) | | نمرەی ئازاد | ئاستی بەڵگەداری (٠.٠٥) |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | ئەژمارکراو | خشتەی | | |
| پاشەکی ئەزموونی | ٣٠ | ٣٩,٧٠ | ٧,٠٠٣ | ٥,٤٤ | ١,٦٧ | ٥٧ | بەڵگەدارە |
| پاشەکی کۆنترۆڵکراو | ٢٩ | ٢٩,٤١ | ٧,٥١ | | | | |

هەروەک لە خشتەی (4-2)دا دەردەکەوێت، کە بەهای (تائی) ئەژمارکراو یەکسانە بە (44، 5) و بەهای خشتەیی یەکسانە بە (67، 1) و نمرەی ئازادی (57) لە ئاستی بەڵگەداری (05 ، 0)دایە، لەبەرئەوەی بەهای تی هەژمارکراو گەورەترە لە بەهای خشتەیی، بۆیە ئاماژە بەوەی کە جیاوازی لە نێوان ناوەندی ژمێرەیی نمرەکانی قوتابییانی گرووپی ئەزموونی لە تاقیکردنەوەی پاشەکی هەیە، لە بەدەستهێنانی چەمکەکانی جوگرافیا، بەراورد بە تاقیکردنەوەی پاشەکیی گرووپی کۆنترۆڵکراو لە بەدەستهێنانی چەمکەکانی جوگرافیا لە بەرژەوەندیی تاقیکردنەوەی (پاشەکی)دایە.

**4-2 شیکردنەوەی ئەنجامەکانی گریمانەکان: گریمانەی یەکەم:** لەپاش خستنەڕووی ئەنجامی گریمانەی یەکەمی توێژینەوەکە تایبەت بە تاقیکردنەوەی پێشەکی و پاشەکیی گرووپی ئەزموونی بۆ چەمکەکانی جوگرافیا، سەرکەوتنی باشی هەبووە، ئەمەش بۆئەوە دەگەڕێتەوە کە پشتبەستە بە کۆمەڵێک ستراتیژیی جۆراوجۆر بە شێوەیەک بۆ وەرگرتنی چەمکەکان کە قوتابییان بە شێوەیەکی ئەرێنی بەشدارییان تێداکردووە، زیاتر هانی قوتابییانی دەدا بۆ وەرگرتنی چەمکەکانی جوگرافیا و تێگەیشتنی زیاتر بۆ بابەتەکە و گەیشتن بە ئامانجە خوازراوەکانی بابەتەکە. کارلێکی جیاواز دروستدەبوو لە نێوان مامۆستا و قوتابییان.

**2- شیکردنەوەی ئەنجامی گریمانەی دووەم:** ئەنجامی ئەم گریمانەیە لە ڕێگەی پرۆگرامی فێرکاریی-فێربوون بەراورد بە گرووپی کۆنترۆڵکراو کە بە شێوەی ئاسایی خوێندوویانە لە تاقیکردنەوەی پاشەکیی گرووپی ئەزموونیدا، بۆیە بە شێوەیەکی ئەرێنی باش بووە بە پشتبەستن بە ستراتیژییەکانی وانەوتنەوە و ڤیدیۆی فێرکاریی وانەوتنەوە، قوتابییان بەشدارییان تێداکردووە و چالاکیی جۆراوجۆر و هاندانی زیاتر بووە لە وەرگرتنی چەمکەکان، بۆیە هەر تاکێک بیرکردنەوەی جیاوازی هەیە، بۆیە ڕاهێنان بە پرۆگرامی جیاواز کاریگەریی هەیە لەچاو ئەو قوتابییانەی بەشداریناکەن بە ڕاهێنان و بابەتی سەرنجراکێشیان بۆ بابەتەکە و دۆزینەوەی چەمکی زیاتر تایبەت بە بابەتەکە و جێبەجێکردنیان لە هەڵوێستی نوێدا، ئەمەش زیاتر کارادەبوو.

## بەشی پێنجەم:

## ئەنجام-پێشنیاز-ڕاسپاردەکانی توێژینەوەکە:

## 5-1 ئەنجام:

1- کارایی ئامادەکردنی پرۆگرامی فێرکاریی (مامۆستا) پشتبەست بە فێربوونی چالاک یارمەتی مامۆستا دەدات بۆ گەیشتن بە ئامانجی هەر وانەیەک، ئەمەش لە ئەنجامی توێژینەوەکە دەردەکەوێت کە کاریگەریی باشی هەبووە.

2- ڕەچاوکردن و ئامادەکردنی پرۆگرامی فێربوون (قوتابیان) پشتبەست بە فێربوونی چالاک یارمەتی قوتابیان دەدات بۆبەدەستهێنانی چەمکەکانی جوگرافیا بە ئامانجی هەروانەیەک ئەمەش لە ئەنجامی توێژینەوە دەردەکەوێت کە کاریگەریی باشی هەبووە.

## 5-2 پێشنیازەکان: بە مەبەستی زیاتر سوودگەیاندن بە وەزارەت و بواری فێرکردن و فێربووهن، وەک:

1- بەکارهێنانی پرۆگرامی فیرکاریی- فێربوون بۆ قوتابییان پۆلی هەشتەمی بنەڕەتی بە مەبەستی بەدەستهێنانی چەمکەکانی جوگرافیا.

2- پشگیریکردن و دانانی پرۆگرامی فێرکاریی-فێربوون وەک پرۆگرامێکی وانە خوێندن تایبەت بە مامۆستایان و قوتابییان کە بە شێوەی سوودبەخش و سەرنجڕاکێش بە تایبەت کە ئێستا پرۆگرامی جوگرافیای پۆلی هەشتەم گۆڕانکاری و ناڕوونی و نایەکسانی لەتێکەڵکردنی ئەرکی مامۆستا و قوتابییانی پۆلی هەشتەمی بنەڕەتی لە بابەتی جوگرافیا تێدایە.

## 5-3 ڕاسپاردەکان: بە مەبەستی ئەنجامدانی توێژینەوەیەکی دیکە بەم شێوەی خوارەوە:

1- کاریگەریی پرۆگرامی فێرکاریی-فێربوون لەسەر بنەمای فێربوونی چالاک لە بەدەستهێنانی چەمکەکانی جوگرافیا لە لای قوتابییانی پۆلی حەوتەمی بنەڕەتی.

2- کاریگەریی پرۆگرامی فێرکاریی-فێربوون لەسەر بنەمای فێربوونی چالاک لە بەدەستهێنانی چەمکەکانی جوگرافیا لە لای قوتابییانی پۆلی دەیەمی بنەڕەتی.

## لیستی سەرچاوەکان:

**بەزمانی کوردیی:**

1-روستم، مریم محمد (2016)*هەڵسەنگاندنی توانای مامۆستایانی جوگرافیا لەبەر ڕۆشنایی لێهاتووە جوگرافیەکان لەپۆلی دەیەم ویانزەیەمی وێژەیی لەناوەندی پارێزگای سلێمانی*. نامەی ماستەر، زانکۆی سلێمانی.حکومە تی هە ر

*2- حکومەتی هەرێمی کوردستان- عێراق، وەزارەتی پەروەردە، لیژنەی باڵای کۆنفرانس، ١١-١٢/ ئەیلول/ ٢٠٠١*، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە.

**سەرچاوەکان بە زمانی عەرەبی:**

1-اسماعيل,بشرى(2012)، *المرجع فى القياس النفسي*,ط1,المصر,القاهرة.

2-أحمد، محمود جابر(2012):*استراتيجيات قائمه على خريطة التفكيرلتنميه المفاهيم الجغرافى.*
3-أبوغريبه، ايمان محمد شاكر(2009): *القياس والتقويم التربوى*، ط1، دار البدايه، عمان، الاردن.
4-الاحمد، خالد طه.(2005): *تكوين المعلمين من الإعداد إلى التدريب*، ط1، الجامعى العين.
5-الزغول، عماد عبدالكريم(2002)، *مباد ئ علم النفس التربوية*، ط2، دار الكتب الجامعي ، العين
6-النجادات,محمد حسين فارى( 2019)، *برنامج التعليمي قائم على النظرية البنائية فى اكتساب المفهاهيم الجغرافية لدى طلاب التاسع الاساسي فى الأردن.(رسالهماجستير).*
7-البطش، محمد وليد وفريد كامل أبوزينة(2007)، *مناهج البحث العلمي* ، ط1، عمان.
8-عبدالسلام، عبدالله السلام مصطفى.(2006)، *تطوير منهج التعليم متطلبات التنمية ومواجهة تحديات العولمة ، كلية التربية، جامعة المنصور مؤتمر التعليم النوعى ودورة فى التنمية ف العولمة*.
9-الكنانى، ممدوح عبدالمنم .(2005). *سيكولوجية الابداع واساليب تنمية* ، ط1، دارالميسرة للنشر والتوزيع ، عمان.
10-أبوحمادة، سها يحي(2013)، *:أثر توظيف السبورة الذكية فى تدريس الجغرافيا على تنمية المفاهيم الجغرافية ومهارة استخدام الخرائط لدى طلاب التاسع فى محافظة غزة*.جامعة زهرة.
11-الحصرى، كامل ويوسف(2006).*فعالية بعض استراتيجيات ماوراء المعرفة فى تنمية المفاهيم ومهارات التنظيم فى الدراسات الاجتماعية لدى تلاميذفى المرحلة الاعدادية، المؤتمر العلمي الثامن عشر مناهج التعليم وبناء العرب ، مجلة الثانى.*
12-الناشف، هدى محمود(2003):تصميم *البرامج التعليمية لاطفال ما قبل المدرسة*، ط1، القاهرة .
13-سهور، هشام.(2011).*أثر توظيف الصفوف الافتراضية فى اكتساب مفاهيم الفقة الاسلامى لدى طالبات العلوم المتوسطة واتجاهات* نحو، ( رسالة ماجستير غير منشورة)، كلية التربية، جامعة الاسلامية ، غزة فلسطين.
14-الصافى، اسامة ابراهيم.(2009).*استراتيجيات الحديث فى التدريس الفعال، ط1*، دار صفاء للنشر والتوزيع ، عمان.
15-الفتلاويي، سهيلة محسين. (2015):*المدخل الى التدريس*، ط2، دار الشروق للنشر والتوزيع، عمان
16-المعليمي، محمد (2012) ، *طرائق التديس الداسات الاجتماعية*,ط1، عمان
17-عبدالسلام، مصطفى.(2005).*فعالية أنموذج بتالى فى تصويب تطورات الصف الخامس الابتدائي من مفهوم الطاقة*، بحث مقدم *الى المؤتمر السنوى العلمي العلوم الرياضيات، جامعةالامريكية بيروت*، ص18- 19نوفمبر
18- زيتون، حسن وزيتون، كمال( 2005)، *التعلم والتدريس من منظور البنائية*، ط1، ، القاهرة.
19-محمود، صباح (2002)، *طرائق تدريس الجغرافيا*، ط1، دار الامل للنشر والتوزيع، عمان.
20-عبدالحليم، محمد عبدالحليم.(2005). *أثر استراتيجين للتعلم التعاونى لتدريس الدراسات الجتماعية فى تنمية المفاهيم السياسية والوعى السياسي لدى التلاميذ الصف الثالث الاعدادية*، (رسالة ماجستر غير منشورة.)، جامعة الأزهر، كلية التربية.
21-علام، صلاح الدين محمود(2002)، *القياس والتقويم التربوى والنفسي* ، دار الفكر العربى، القاهرة.
22-صربى ,عزام عبدالرحمن (2006)، *الحصا ءالوصفى و تعامل SPSS* ، ط1، الاردن.
23-جرى,خصر عباس(2018)، *طرائق التدريس العامة مفاهيم النظرية وتطبيق*,ط1، التعليم العالى.
24-محمود، علام(2004)، *استخدام اسلوب دوه التعلم فى تدريس المفاهيم الجغافيا على التحصيل المعرفى واتجاهات تلاميذ الصف الثانى الاعدادية نحومادة الجغرافيا.*
25-مازن,حاسم محمد (2010) ، *تكنلوجيا التربية وضمان جودة التعلم*,ط1,القاهره.
26-عطار ، حيدر ابراهيم محمد (2005) *التفكير الابداعي لدى أطفال الروضة وعلاقته ببعض المتغيرات*، البحث منشور في مؤتمر الطفولة الاول/ مركز التأهيل والتطوير التربوي- جامعة تعز، ص. ص.٢٨٤ – ٢٦٥.